ستیڤ ویتکۆف: وەاتەکی دیکە دەتە نێو ڕێککەوتنی ئیبراهامەوە



ستیڤ ویتکۆف، نوێنەری تایبەتی دۆناڵد ترەمپ، سەرکی ئەمریکا ڕایدگەیەنێت، بەیارێ دڕێنگانی شەوی پێنجشەممە ئەمریکا بۆ فۆرمی ڕابگەیەنێت کە وەاتەکی دیکەی نوێ دەچێتە نێو چوارچێوەی ڕێککەوتننامەکانی ئیبراهامەوە. ئەم ڕێککەوتننامانە کە لە سەردەمی یەکەمی سەرکایەتیی ترەمپدا دەستیانپێکرد، بوونە هۆی ئاسایکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئیسرائیل و ژمارێک وەاتی عەرەبی و ئیسلامی.

ویتکۆف، کە لە کۆبوونەوەی بازرگانیی ئەمریکا لە شاری میامی قسەی دەکرد، گوتی "ئەمشەو دەگەڕێمەوە واشنتن، چونکە ئەمشەو ڕادەگەیەنین کە وەاتەکی دیکە دەتە نێو ڕێککەوتننامەکانی ئیبراهامەوە."

لە وەڵامی پرسیارەکدا سەبارەت بەوەی کە کام وەاتە پەیوەندی بە ڕێککەوتنەکانەوە دەکات، ویتکۆف، خۆی لە ئاشکراکردنی ناوی وەاتەکە پاراست و گوتی، "نازانم هێشتا ئاشکرا کراوە یان نا."

بەپێی ڕاپۆرتەکی ماڵپەڕی هاوڵیی ئەکسیەس، پێشبینی دەکرێت وەاتە نوێیەکە کۆماری کازاخستانی

ئاسیای ناوەڕاست بێت. کازاخستان دەیان ساڵە پەیوەندیی دیپلۆماسیی لەگەڵ ئیسرائیلدا هەیە.

هاوکات سەرکی کازاخستان یەکێکە لەو پێنج سەرکردەیەی ئاسیای ناوەڕاست، کە ڕۆژی پێنجشەممە لە کۆشکی سپی لەگەڵ دۆناڵد ترەمپ کۆبوونەوە.

لە چوارچێوەی ڕێککەوتننامەکانی ئیبراهامدا لە ماوەی یەکەم خولی سەرکایەتیی ترەمپ، هەریەکە لە ئیماراتی عەرەبیی، بەحرەین و مەغریب لە ساڵی 2020 پەیوەندییان لەگەڵ ئیسرائیل دروست کرد.